بۆکان لە مێژوودا (٣٩)                ئەنوەر سوڵتانی

## میسباح الدیوانی ئەدەب

عەبدوڵڵابەگی میسباح (ئەدەب) لە شاعیرانی کۆتایی سەردەمی ناسراو بە "دەورەی گەڕانەوەی ئەدەبی" و سەرەتاکانی سەردەمی مەشروتە و سەرهەڵدانی بیری عیلمانیەت لە ئێرانە.
شیعرەکانی لە ناسکی خەیاڵدا وەک شیعری ناڵی و بە هۆی ئینتیزاعی بوونەوە بە تەواوەتی لەسەر ڕێچکەی شێوازی هیندین (کە بەشێک لە شاعیرانی سەردەمی گەڕانەوە ڕوویان لەو شێوازە کردبوو). ئەم شێوازە ئەدەبییانە لە شیعری گەلێک شاعیری کوردیشدا وەک ناڵی و وەفایی و ئەدەب ڕەنگیان داوەتەوە.
میسباح لە هۆزی دێبوکری و خێڵی بابامیری، لە گوندی ئەرمەنی بڵاغی سەرچۆمی مەجیدخان لەدایک بووە و دوای ٥٣ ساڵ ژیان لە گوندی باخچەی فەیزوڵڵابەگی کۆچی دوایی کردوە(١٩١٦/٥/٢٢)
سەرجەمی دیوانی ئەدەب لەلایەن بەڕێز محەمەد حەمەباقی یەوە لە ساڵی ٢٠٠٥ دا بڵاو کراوەتەوە و شیعرەکانی هەڵسەنگێنراون و واتا کراونەتەوە.
ئەدەب، بەبێ هیچ گومانێک بەشێکە لە گەنجینەی هونەریی ناوچەی بۆکان و دەبێ وەک بەشێک لەو مێژووە سەیر بکرێت.
بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەدەب و شیعرەکانی بڕوانە :

دیوانی ئەدەب عەبدوڵڵابەگی میصباح دیوان، کۆکردنەوە، بەراورد، ساغکردنەوە و فەرهەنگ : محەمەد حەمەباقی ئەندامی کارای کۆڕی زانیاریی کوردستان، چاپەمەنی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ٩١٧ لاپەڕە.